حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# پەروەردەی ئیسلامی

## بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی

**دانانی**

عبدالله عبدالرحمن بابان          فاروق محمد علي عباس

صادق عثمان عارف

**وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوە**

محسن جمال سيد احمد بەرزنجی

**پێداچوونەوەی زانستی**

د. بشير خليل توفيق          ابوبكر علي كاروانی

**پێداچوونەوەی زمانەوانی**

صادق احمد عثمان

چاپی یەکەم          ١٤٣٦ کۆچی – ٢٠١٥ زایینی – ٢٧١٥ کوردی

سەرپەرشتی زانستی: فاروق محمد علی عباس

سەرپەرشتی هونەری: عثمان پیرداود کواز ــ خالد سلیم محمود

نەخشەسازی بەرگ: زاگرۆس محمود عرب

تایپێست و نەخشەسازی ناوەرۆك: ئالان کریم مولود

فۆتۆ: عادل زرار امین

جێبەجێکردنی بژاری هونەری : یوسف احمد اسماعیل

## بەناوی خودای دەهەند و دلۆڤان

### پێشەکی :

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو پێشکەشکردنی باشترین پرۆگرام بۆ قوتابیان لە هەرێمی کوردستان، بڕیاری دا بە فەرمانی بەڕێز وەزیری پەروەردە بە دانانی پرۆگرامێکی نوێ بۆ بابەتی پەروەردەی ئیسلامی کە لەگەڵ سیستەمی پەروەردەی نوێ بگونجێت، کە لە کۆنگرەی پەروەردەیی بڕیاری لەسەردراوە.

لێژنەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنرا، واتە دانانی پرۆگرامێکی نوێ بگونجێت لەگەڵ تەمەنی قوتابیانی بنەڕەتی و ئامادەیی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن، لەگەڵ رەچاوکردنی باری کۆمەڵایەتی کوردستان، و پرۆگرامە نوێیەکە زنجیرە ئەبێت لەگەڵ پێشکەوتنی تەمەن، لەبەر ئەوەی پەروەردەی ئاینی، وەك ئەزانین، بە چەند قۆناغێك تێئەپەڕێت بە گوێرەی تەمەنی مرۆڤ، و هەروەها پرۆگرامی نوێ لە قۆناغە یەك لە دوا یەکەکانیدا پێناسەیەکی ئاینەکانی دیکە بەخۆوە ئەگرێت.

پرۆگرامی پۆلی یەکەم هەنگاوی یەکەمە لەم رێبازەدا، کە هیوای سەرکەوتنی بۆ ئەخوازین، رۆڵی مامۆستا بەڕێزەکانی تیادا بەدیار دەکەوێت بۆ پێشکەشکردنی بە شێوەیەك کە مەبەست و ئامانجەکانی تیادا جێبەجێدەکات.

چونکە قوتابی لە قۆناغی بنەڕەتی وەك لاپەڕەیەکی سپی وایە هەموو شتێکی باشی لەسەر تۆماردەکرێت و بە باشە لەسەر کۆمەڵگەکەی رەنگ دەداتەوە، لەبەر ئەوەی قوتابی ئەو تاکەیە کە بەخۆی دەبێتە خشتێك بۆ دروستکردنی کۆمەڵێکی گەشاوە.

و بانگەواز ئاراستەی پەروەردکارە بەڕێزەکان دەکەین بۆ سوربون لەسەر جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە پیرۆزە کە هەرگیز گومان لە دڵسۆزیان ناکرێت.

لە ئامادەکردنی ئەم پرۆگرامە پشت بە شێوەی چیرۆك بەستراوە چونکە قوتابی لەم قۆناغەدا حەزی لەم شێوازەیە، و ئەویش شێوازێکی نوێیە لە بواری پەروەردەدا، و لەم بووارەدا سوودمان لە تاقیکردنەوەکانی وڵاتە دراوسێکانمان وەرگرت ، و بەمە وانەی پەروەردەی ئیسلامی ئەبێتە وانەیەکی سەرنجڕاکێش و ئارەزوومەند وا لە قوتابیانی بنەڕەتی ئەکات سورین لەسەر فێربوونی ئەو زانیارییانەی تیایەتی لە فێرکردن و رەفتارو رەوشتەکاندا، لەبەر ئەوەی هەردوو توخمی بە ئارەزووکردنی قوتابیانی بنەڕەتی تێدایە، وە لەسەر پەروەردکارە بەڕێزەکان پێویستە وا لە قوتابیەکانی بنەڕەت بکەن ئەم کەسایەتیانەی لە چیرۆکەکانی پەرتوکەکەدا هەن بەرجەستە بکەن تا ئەو بنەماو فێرکردنانەی کە ئامانجەکانی وانەیەك ئەنوێنێت بچەسپێت لەلایاندا.

وەخودا پەناگەی سەرکەوتنە.

**لیژنەی دانان**

وانەی یەکەم

# خودا پەروەردگارمانە

## خولقێنەری



ئاسمان



زەوی



مرۆڤ



گیانەوەر



رووەك




ئاو

و هەموو شتێك



# خودا رۆزی دەرمانە



باران



کێڵگە



دار



گیانەوەر

خودا خاوەن بەخشینەكانە.

خودا خودامە ............. خودا خودامە

خودا خولقێنەرمە.......... خودا ڕۆزیدەرمە (رازق)مە



خوان

# موحەمەد (د.خ) پێغەمبەرمانە

موحەمەد پێغەمبەری خودایە

راستگۆو دەست پــــــــــاکە
ئەو خۆشەویست و یاریدەدەرە
ئـــەو دەهەندە بـــۆ مرۆڤایەتی

واتا: بەزەییە بۆ مرۆڤایەتی

وانەی سێیەم

# ئیسلام ئاینمانە

## ئاینی یەکتاپەرستییە



## ئاینی ئازادی و ڕێزگرتنی مرۆڤە

## ئاینی ئاشتییە

# ئیسلام ئاینی کارکردنە



کارگە



کێڵگە



کرێکار



بازرگانی




پەڕتوك




پێنووس



قوتابخانە








زانكۆ





فڕۆکە







کەشتی



وانەی چوارەم

## قورئان پەڕتوکمانە


قورئان نامەی خودایە بۆ گشت مرۆڤایەتی ڕێنوێنی تێدایە.

خـــودا پــــــەرستییە

دادگـــــەری تێـــدایە

چیرۆکەکانی تێدایە

بـــەرنـــــامەی ژیانە



وانەی پێنجەم


# بنچینەکانی ئیسلام

## ١- دوو گەواهیەکە*:

أَشْهَدُ أَنْ لا إِلهَ إِلا اللّٰه

وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللّٰه

واتە: ((گەواهی دەدەم کە خودا تاك و تەنهایە و گەواهی دەدەم کە موحەمەد پێغەمبەری خودایە)).



## ٢- نوێژکردن.

## ٣- زەکات دان.

## ٤- رۆژو گرتنی مانگی رەمەزان.

## ٥- حەجکردنی ماڵی خودا. بۆ ئەو مرۆڤەی توانای هەیە.

* شایەتمان

# بنچینەکانی باوەڕ

١- باوەڕ هێنان بەخودا.

٢- باوەڕ بوون بە فریشتەکان.

٣- باوەڕ بوون بە پێغەمبەرەکان.

٤- باوەڕ بوون بە پەڕتوکە ئاسمانیەکان.

٥- باوەڕ بوون بە رۆژی دوایی.

٦- باوەڕ بوون بە قەدەر (چارەنووس)(باشی و خراپی).

# باوەڕمان بە پەڕتوکە ئاسمانیەکانە

زەبور... خودای گەورە بۆ پێغەمبەری خۆی داود (د.خ) هەناردە خوارەوە.

سوحوف... خودای گەورە بۆ پێغەمبەری خۆی ئیبڕاهیم (د.خ) هەناردە خوارەوە.

تەورات ... خودای گەورە بۆ پێغەمبەری خۆی موسا (د.خ) هەناردە خوارەوە.

ئینجیل... خودای گەورە بۆ پێغەمبەری خۆی عیسا (د.خ) هەناردە خوارەوە.

قورئان پەڕتوکی موسڵمانانە خودای گەورە بۆ پێغەمبەری خۆی موحەمەد (د.خ) ناردووە.

## وانەی هەشتەم

# ڕێزگرتنی دایباب*



خودای گەورە فەرمویەتی: (وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا).

(چاکە کاربە لەگەڵ دایك و باوك).

پێغەمبەر (درود و سڵاوی خودای لەسەربێت) فەرمویەتی: (لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يُوَقِّرْ كَبِيْرَنَا وَيَرْحَمْ صَغِيْرَنَا).

(لە ئێمە نییە ئەوەی ڕێز لە گەورەمان نەگرێت و بەزەیی بە بچوکماندا نەیەت).

مامۆستا: بەیانیتان باش قوتابییە خۆشەویستەکانم.

پێویستە بە باشی گوێ بگرن لە ئامۆژگارییەکانی دایبابەکانتان و ئامۆژگاریەکانیان جێبەجێ بکەن لەبەر ئەوەی ڕێگەی ڕاستتان لە ژیاندا نیشاندەدەن.

ئازاد قوتابییەکی زیرەکی پۆلی یەکەمە.

---

* دایك و باوك

گـوێ لـە ئامۆژگارییـەکانی دایبـاب و مامۆسـتایانی ئـەگرێت و پابەنـدیان ئەبێت.

بە جل‌و بەرگی پاکەوە دێتە قوتابخانە و پاکە.

شـیلان: هـەروەها سـازانیش قوتابییـەکی گـوێ رایەڵـەو ئامۆژگارییـەکانی دایباب و مامۆستایانی جێبەجێ ئەکات.

سیروان: بەڵێ سازان هاوسێمانە و قوتابییەکی گوێ رایەڵ و خۆشەویستە لە ماڵ و قوتابخانەدا.



خودایە دایبابم بپارێزیت

**چالاکی:**

پێویستە قوتابییان دەربارەی جوڵانەوەیان لە ماڵەوە لەگەڵ دایبابیان بدوێن.

**پاڕانەوە:** خودایە دایبابم بپارێزیت.

## وانەی نۆیەم

# قوتابی ڕاستگۆ



خودای گەورە فەرمویەتی: ﴿يأَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوا إِتَّقُوا اللهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِيْنَ﴾.

(ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە لە خودا بترسنو لە گەڵ ڕاستگۆیاندابن).

پێغەمبەر (درودو سڵاوی خودای لەسەربێت) فەرمویەتی: (عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلَى الْبِرِّ).

(پێویستە ڕاستگۆبن چونکە ڕاستگۆیی ڕێنیشاندەرە بۆ چاکە).

کە مامۆستا چووە پۆل، بینی پەنجەرەیەك لە پەنجەرەکان شکێندراوە.

بە قوتابییەکانی گوت: کێ پەنجەرەکەی شکاند؟

بێ دەنگی باڵی کێشا بەسەر هەموو پۆلەکەدا، لە پڕ سامان هەستاو گوتی:

مامۆستا من پەنجەرەکەم شکاند!

قوتابییان سەریان سوڕما لە ئازایەتی (سامان) و دان نانی بەهەڵەکەیدا، مامۆستا لێی پرسی: چی پاڵی پێوەنای بۆ گوتنی راستی و درۆ نەکەیت؟

**سامان:** مامۆستا لەبەر ئەوەی درۆ رێگەی پێنەدراوە، وەك فێرت کردین، نابێت باوەڕدار درۆزن بێت.

**مامۆستا:** ئافەرین کوڕەکەم، راستگۆیی جوانترین رەوشتەو درۆ هەڵس و کەوتێکی ناشیرنە، وەك پێغەمبەری مەزن (درودی خودای لەسەربێت) فەرمویەتی: ((پێویستە لەسەرتان راستگۆبن چونکە راستگۆیی رێ نیشاندەرە بۆ چاکەو چاکەش رێنیشاندەرە بۆ بەهەشت)) جا کەواتە لەسەرمان پێویستە راستگۆبین لەگەڵ هەموو کەسێك و نەترسین لە گوتنی راستی، لەبەر ئەوەی تۆ دانت بە هەڵەکەتدانا و راستیت گوت بۆیە من لێم بوردی لە شکاندنی پەنجەرەکە.

**چالاکی:**

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

١- چی لە پۆلدا روویدا؟

٢- ئایا سامان راستی گوت؟

٣- بۆ مامۆستا لە سامان خۆشبوو؟

**راهێنان**

مامۆستا چیرۆکی (مەلەوانی درۆزن) بۆ قوتابییان دەگێڕێتەوە لەسەر شێوەی نواندنێکی کورت.

ئەم دەستەواژەیەی خوارەوە رەنگ دەکەم:

# دەربازبوون لە راستگۆییدایە

# چەند نموونەیەک لە نیشانەی دەستکرد










وانەی دەیــەم

# دەستپاکی کرێکارێك



پێغەمبەر (درود و سڵاوی خودای لەسەربێت) لە نیشانەی دووڕوودا فەرمویەتی:

## (إِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ).

## (گەر متمانەی پێدرا ناپاکی کرد).

باوکی یەشار، بەباشی و چالاکی کاری کرێکاری ئەکرد لـە پێناو دابینکردنـی پاروی ژیـانی بەشـێوەیەکی رێگـە پێدراو بۆ خێزانەکـەی، لەگـەڵ زۆر هەژاریـەکـەی بـەڵام ئـەو نمونەیەکی جوانی دەستپاکی و رەوشتی باش بوو. لـە بەیانییـەك کاتی کارکردنی لـەماڵێکدا جانتایەکی بچوکی دۆزییـەوە، کاتێك کردیـەوە برێك پارەی تێدا بوو کاتێك یەکێك لە هەڤاڵانی هەستی پێ کرد گوتی: با پارەکە لە نێوانماندا دابەش بکەین، بەڵام ئەو، ئەو شتەی بەرپـەرچ دایـەوە، و گـوتی: ئـەم پارەیـە راسپاردەیەو هـی ئێمـە نییـە، پێویـستە لەسـەرمان کـە بیگەڕێنینـەوە بۆ خاوەنەکـەی، ناپاکی نیشانەی دوروەکانـە لەبـەر رۆشـنایی فـەرمودەی پێغەمبـەری مـەزن ((درودی خـودای لەسـەربێت)): ((ئەگـەر متمانەی پێ کرا ناپاکی کرد)).

کاتی نیوەڕۆ خاوەن کارەکە هاتە لایان، باوکی یەشار چوە لای و جانتاکەی دایەوە دەستی، پیاوەکە لە دەستپاکی و راستگۆییەکەی سەری سوڕما، چونکە پارەکە وەك خۆی مابوو.

پیاوەکە سوپاسی باوکی یەشاری کرد و ویستی خەڵاتی بکات بە بڕێك پارە بەرامبەر ئەو کارەی، بەڵام باوکی یەشار ئەوەی رەتکردەوە، گوتی: سوپاس بۆ تۆ، بەڵام ئەمە ئەرکە لە سەرمان، پاراستنی راسپاردە لە ئەرکەکانی ئاینە پیرۆزەکەمانە. کاتێك خاوەن کارەکە دەستپاکی ئەو کرێکارەو رەفتاری باشی بینی، پێی گوت: بڕیارم دا دابیمەزرێنم و لە ئەمڕۆوە بە فەرمانبەر لە کۆمپانیاکەم وەك برادەرێکی دەستپاك و بەئەمەك لەگەڵمدا ئەمێنیتەوە بە درێژایی ژیان.

باوکی یەشار بە دڵخۆشی گەڕایەوە ماڵەوەو موژدەی بە ماڵەوەدا، دەست پاکیەکەی هۆی دەربازبوونی بوو لە هەژاری، سوپاسی خودایان کرد بۆ ئەم بەخششەی خودا.

**مەشق:**

١- مامۆستا داوا لە هەندێك قوتابی دەکات کە چیرۆکێك یاگفتوگۆیەکی کورت دەربارەی پاراستنی راسپاردە بۆ وانەی داهاتوو، ئامادە بکەن.

٢- فەرمودەیەکی پێغەمبەرمان (درودی خودای لەسەربێت) بۆ باس دەکات دەربارەی دەستپاکی و پاداشتی دەستپاك یان ناپاکی لە پاراستنی راسپاردە.

٣- نێوان دوستونەکە بەیەك دەگەینم:

| | |
|---|---|
| راستگۆیی.. | جانتایەکی پڕ لە پارەی بینییەوە. |
| باوکی یەشار.. | دەستپاکیە. |
| کرێکار (باوکی یەشار).. | راستی گوت. |

٤- ئەم فەرمودە پیرۆزە رەنگ دەکەم:

لا إِيْمَانَ لِمَنْ لا أَمَانَةَ لَهُ

ئەوەی دەستپاك نەبێت بێ باوەڕە.

## وانەی یازدەهەم

# بەزەیی بە گیانەوەران



پێغەمبەر (درودو سڵاوی خودای لەسەربێت) فەرمویەتی:

**(فِي كُلِّ كَبِدٍ رَطْبٍ صَدَقَةٌ).**

**(بەرامبەر بە هەموو گیانلەبەرێك دەتوانرێت خێر و چاكە بكرێت ).**

دایكی (بانو) هەموو شەوێك پێش نوستن چیرۆكێك بۆ منداڵەكانی دەگێڕێتەوە.

شەوێك لە شەوانی زستاندا ئەم چیرۆكەی خوارەوەی بۆ گێڕانەوە:

پیرەژنێك بێچووە پشیلەیەكی هەبوو. رۆڵەكانم بیروڕاتان بەرامبەر پشیلە چۆنە و چییە؟

(بانو) گوتی: ئای دایكە چەند جوانە، چاوەكانی چەند جوانن!

وە بەهزاد گوتی: ئای دایكە چەند خۆشم دەوێت؟ پەلەكە چیرۆكەكەمان بۆ تەواوبكە.

دایکەکە گوتی: رۆڵەکانم، پیرەژنەکە پشیلەکەی خۆش نەدەویست، رۆژێکیان لێی پەست بوو لە ژێرزەمیندا بەندی کرد.

سۆز: ئاخ، ئەی بەستەزمان.

بانو: دایکە بۆ بەم شێوەیە دڵ رەق بوو؟

بەهزاد: ئەی پشیلە بەستەزمانەکە چی کرد؟

دایکەکە: لە برسانا دەیمیاواند، ئەی گوت: میاو، میاو ((ماو، ماو)).

پیرەژنەکە بڕیاری دا کە خواردن و خواردنەوەی پێ نەدات و بەڕەڵای نەکات تا لە پاشماوەی خواردنی هاوسێکانا بخوات. پاش چەند رۆژێك دەنگی پشیلەکە بەرە بەرە نزم بوو، تا بەستەزمانە مرد.

منداڵەکان بە مردنی پشیلەکە دڵیان تەنگ بوو.

گوتیان: بۆ پیرەژنەکە ئەوەی کرد؟ ئایا هەموو پیرەژنێك بەم شێوەیەیە؟

دایکەکە: نەخێر، ئەی رۆڵەکانم، هەموو پیرەژنێك بەم شێوەیە نیە، بەڵکو ئەو لە خوداو لە سزای خودا نەدەترسا، دلۆڤانی بەم گیانەوەرە نەدەهات، جا ئەی خۆشەویستانم لەسەرمان پێویستە کە بە بەزەیی بین لەگەڵ گیانەوەراندا ئازاریان نەدەین، چونکە ئاینمان ئاینی دلۆڤانی و بەزەییە.

**چالاکی و مەشق:**

١- مامۆستا داوا لە گشت قوتابییان یان هەندێکیان دەکات کە هەندێك بەرجەستە یا وێنەی هەندێك گیانەوەری ماڵی بۆ وانەی داهاتوو ئامادەبکەن.

٢- داوا لە هەندێکیان دەکات لاسایی دەنگی ئەم گیانەوەرانە بکەنەوە.

٣- پۆلینکردنی قوتابییان بۆ سێ دەستە، بەشێك گیانەوەرانی خۆشدەوێت، بەشێکی دیکە گیانەوەرانی خۆش ناوێت و بەشی سێیەم لێیان دەترسێت، لەگەڵ باسکردنی هۆیەکەی.

# بەخششەکانی خودای گەورە و سوپاسکردنی



## (وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ).

## (بەخششەکانی خودای گەورە باسبکە).

لە گەشتێکی قوتابخانەدا مامۆستای پەروەردەی ئیسلامی پرسیاری لە قوتابییان کرد، گوتی:

لێرەدا چی دەبینن، ئایا ئەو دیمەن و گیانەوەرانەتان خۆش دەوێن و دڵتان پێیان خۆش دەبێت؟



سارا گوتی: ئەی مامۆستا من دارو گوڵەکانم خۆش دەوێن، لەبەر ئەوەی ئەوان سروشت پڕ لە جوانی دەکەن، و بۆنی خۆش بڵاودەکەنەوە.

باران گوتی: من مەڕو گیانەوەرە هاوشێوەکانیم خۆش دەوێن، لەبەر ئەوەی دەنگیان ئەفسوناویە و سود لە بەروبوومەکانیان وەردەگرین.


هەندێکی دیکە گوتیان: ئێمە باڵندە و ئەو پەپولە جوانانەمان خۆش دەوێن کە لێرە زۆرن و بە ئاوازە جۆراوجۆرەکانیان گۆرانیمان بۆ دەچرن

بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان گوتی: من بەشداری هەموو ئەو خۆشیەتان دەکەم، زیاتر دەڵێم: کە ئاوی کانی و جۆگەو روبارەکان هۆی هەموو ئەو جوانی و خۆشیەیە، ئەویش بناغەی ژیانە، لەبەر ئەوە پێویستە کە زیادەرۆیی لە بەکارهێنانی نەکەین، پیسایی فڕێ نەدەینە ناوی.

هەموو گوتیان: سوپاس خودایە بۆ ئەو بەخششانە چونکە هەموویان لە پێناو خێرو خۆشی ئێمەدان. پێویستە کە هەڤاڵی ژینگە و زیندەوەران و خولقێنراوان بین. کە هەموویان هەڵدەستن بە پاسەوانی ژینگەو پاککردنەوەی بۆ ئێمە.

**چالاكی:**

قوتابییەكان چەند وێنەو بەرجەستەی توخمەكانی ژینگە كۆ دەكەنەوەو لەبەردەم هەڤاڵانیاندا باسی دەكەن.



## وانەی سێزدەهەم

### هاوكاری



مێرووە بچوكەكە لەسەر دارێكی بەرز هەڵواسرابوو ئاسوودە نەبوو چونكە بە شیلەی لقێكیانەوە نووسابوو، نەیتوانی كە دابەزێت بۆ زەوی، دڵ تەنگ بوو دەستیكرد بە گریان، كاتێك دەستە خوشكەكانی لە هەنگ و جاڵجاڵۆكەو كوللە و پەپولە گوێیان لە دەنگی بوو، پەلەیان كرد بۆ لای و یارمەتییان بۆی خستە روو كوللە گوتی: لەسەر شانم هەڵتدەگرم و دەتهێنمە خوارەوە، بەڵام مێرووەكە خستنە رووەكەی قبوڵ نەكرد لە ترسی كەوتن. هەنگەكە گوتی: لەسەر پشتم سوار بە تابتفرێنم بۆ زەوی، هەروەها ترسا و نەیویست.

هەموو بیریان لە رێگەیەكی دیكە كردەوە تا هاوكاری هەڤاڵەكەیانی پێ بكەن، جا لە پڕ جاڵجاڵۆكە هاواری كرد، گوتی: داوێك لە چنینەكەمی بۆ درێژ دەكەمەوە تا زەوی و بەهۆیەوە دێتە خوارەوە، هەموو پێشوازیان لە بیرۆكەكە كرد، مێرووەكە سوپاسی كردن بۆ ئەو هاوكارییە هەموویان لەو رۆژەوە بڕیاریان دا كە هاوكاری بكەنە دروشم بۆ خۆیان لەبەر ئەوەی هاوكاری بناغەی سەركەوتنە.

## چالاکی:

**بیردەکەمەوە:**

**بۆ مێرووەکە لەسەر لقەکە مایەوە؟**





# پاك وخاوێنی



پێغەمبەر (درودو سلاوی خودای لەسەر بێت) فەرمویەتی:

## (تَنَظَّفُوا فَإِنَّ الاسْلامَ نَظِيفٌ).

### (پاك بن چونكە ئیسلام پاكە).

تاراو عبدالسلام و سازان و دایبابیان لەسەر مێزی نان خواردن پێكەوە دانیشتبوون، تانانی نیوەڕۆ بخۆن.

**دایكی تارا گوتی:** پێش ئەوەی دەست بە نان خواردن بكەین دەبێت چی بكەین. ڕۆڵەكانم؟

**خوشكی گەورە، تارا گوتی:** دەبێت دەستەكانمان پاك بشۆین.

باوکی تارا، گوتی: بەڵێ ئافەرین، ئەی کچەکەم،ئینجا هەڵسان و دەستەکانیان پاك شوشت و بۆسەر مێزی نان خواردن گەڕانەوە، کاتێك نان ئامادەبوو، باوکەکە گوتی: بەناوی خودا، هەموو ئەوەیان گوتەوە. نانیان خوارد کاتێك لە نان خواردن بونەوە گوتیان: سوپاس بۆ خودا، ئێستاش دەست و دەممان پاك بکەینەوە و هەروەها ددانەکانمان بە فلّچە و هەویری ددان بشۆین.

سازان لە (عبدالسلام)ی برای پرسی: برام بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەمڕۆ بەیانی لە گۆڕەپانی قوتابخانە چی گوت – چونکە نەخۆش بوو نەچوو بوو بۆ قوتابخانە –

عبدالسلام وەڵامی دایەوە: بەڕێوەبەر ئامۆژگاری کردین پارێزگاری پاك وخاوێنی ماڵەوە و جلوبەرگ و خواردن و هەروەها قوتابخانەش بکەین، لیژنەیەکی لە قوتابیان پێکهێنا بۆ هۆشیارکردنەوەو رێنیشاندانی هەڤاڵانیان، داوای لە مامۆستایەکی خۆشنووس کرد بە نووسینی چەند رێنماییەك لەسەر بابەتەکەو هەڵواسینیان لەسەر دیوارەکانداو هەمووومان دڵخۆشبووین بەڵێنمان پێ دا پەیڕەوی پاك وخاوێنی بکەین لەبەر ئەوەی پاك وخاوێنی لە باوەڕەوەیە، لە گرنگترین هۆیەکانی تەندروستی و جەستە ساغییە.

## چالاکی و مەشق:

١– مامۆستا داوا لە قوتابییان دەکات کە یەکێکیان دەربارەی پاك و خاوێنی ددانەکان بدوێت و راهێنانی ئەمە لە پۆلدا بە ئامادەکردنی (فلّچە و هەویری ددان جێبەجێ بکات).

٢– باسکردنی فەرمودەیەك یان دێڕە هۆنراوەیەك دەربارەی پاك و خاوێنی، بۆ قوتابییان.

٣– دانانی چەند نیشانەیەك لەسەر سینگی سێ لە خاوێنترین قوتابییان و هاندانی ئەوانی دیکە بۆ ئەو دیاردەیەو دووبارە کردنەوەی ئەو فەرمانە لەگەڵ ئەوانی دیکە بەبەردەوامی.

## وانەی پازدەم

# ڕەوشتی نان خواردن



ڕۆژێکیان خانزادی هەڤاڵم بانگیکردم بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ لە ماڵیان، منیش بانگکردنەکەم پەسەندکردو چوومە ماڵیان، کاتێ گەیشتمە ماڵی خانزاد سێ جار بە سوکی لە دەرگەم دا، خانزاد دەرگاکەی لێکردمەوە، سڵاوم لێکرد، سڵاوەکەی باشتر وەڵام دایەوەو داوای لێکردم بچمە ژوورەوە، جا چوومە ژوورەوە و لەگەڵ یەکدی دانیشتین و قسەمان کرد. کاتی نان خواردن هات لەگەڵ هەڤاڵەکەمدا لەسەر مێزی نان خواردن دانیشتم، لە پڕ دارای برای هاتە ژوورەوە بۆ لامان و لەسەر مێزی نان خواردن دانیشت بێ ئەوەی دەستەکانی بشوات و دەستی بە نان خواردن کرد، بە خوشکی گوت: زۆرم لەوەو لەمە ئەوێت. هەڤاڵەکەم لە هەڵسوکەوتی براکەی سەری سوڕما، بەتایبەتی کاتێك قسەی کرد و پڕیشك لە دەمی دەهاتە دەرەوە، پاش ئەوەی کە خواردنی تەواوکرد هەڵساو لەسەر کورسییەك بەرامبەر تەلەفزیۆن دانیشت تا سەیری بەرنامەیەکی وەرزشی بکات.

**چالاکی:**

- ئایا هەڵس و کەوتی دارا راست بوو؟
- گەر لە شوێنی ئەو بوویتایە چیت دەکرد؟
- ئایا دەتوانیت هەندێك لە داب و نەریتەکانی نانخواردن بژمێریت؟

**من منداڵێکی موسڵمانم: پەیڕەوی داب و نەریتەکانی خواردن و خواردنەوە دەکەم.**



دەستی خۆم دەشۆم پێش خواردن



پێش ئەوەی دەست بە خواردن بکەم دەڵێم:

بسم الله



فو لە خواردنی گەرم ناکەم، بەڵکو کەمێك چاوەڕوان دەبم تا سارد بێتەوە



بە دەستی راست نان دەخۆم



ئەم خواردنەی پێشم دەخۆم



باش خواردن ئەجوم و بێ دەنگ دەرهێنان



هیچ لە خواردنەکە لە قاپەکەم ناهێڵمەوە



کاتێك تێر دەبم ئەڵێم: سوپاس بۆ  خودا کە خواردن و ئاوی داینێ و بە موسڵمانی گێڕاین



پاش خواردن دەستەکانم ئەشۆم و دەم و ددانەکانم لە پاشماوەی خۆراك پاك دەکەمەوە بۆ پاراستنی ساغی ددانەکانم لە کلۆربوون.

**سود:**

دەستەکانم پێش و پاش نان خواردن دەشۆم، ناوی خودا دەهێنم پێش نان خواردن، خواردن باش دەجوم و هەموو ئەو خواردنەی لە قاپەکەمە تەواوی دەکەم، سوپاسی خودا دەکەم کاتێك دەستم لە نان خواردن هەڵگرت.



## راهێنان:

نیشانەی (ڕاست) لەبەردەم وێنەی ڕاست و (چەوت) لەبەردەم ئەو وێنەیە دابنێ کە هەڵسوکەوتی چەوت دەردەبڕێت:





## نزاو پاڕانەوە:

خودایە ئەم ڕۆزییەی بە ئێمەت بەخشیوە زیادی کەیت بۆمان.

## وانەی شازدەم

# سەردانێك لەگەڵ باپیرم



لەگەڵ باپیرم چوم بۆ ماڵی خاڵۆم ابراهیم.

کاتێك باپیرم دانیشت سوڕەتی فاتیحەی خوێند - لەبەر ئەوەی مامم داخوازی کچی خاڵمی بۆ کوڕەکەی کرد بوو - لە باپیرم پرسی بۆ ئەو سوڕەتەی خوێند.

**باپیرم گوتی:** شوان سوڕەتی فاتیحە دەستپێکی قورئانە، و لـەبەر ئەوە لەم جۆرە بۆنانە دەخوێنرێت تا ببێتە سەرەتایەکی باش.

**بە باپیرم گوت:** ئەو سورەتە لەبەر دەکەم.

**باپیرم گوتی:** خودا پایەدارت بکات کوڕەکەم.

# سورەتی فاتیحە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١

ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢


ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤

إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥ ٱهۡدِنَا

ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ

عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ

وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧



**سود:**

سورەتی فاتیحە لە هەموو نوێژێك دەخوێنرێت، لەبەر ئەوەی سورەتی فاتیحە سوپاسی مرۆڤ دەردەبڕێت بۆ خولقێنەر لەسەر بەخشینی رێنیشاندان بۆ رێگەی راست.

**چالاكی:**

- هەوڵبدە كە تێكۆشەر بیت وەك شوان و سورەتی فاتیحە لەبەر بكە.
- هەڤاڵانت بدوێنە دەربارەی هەندێك لەم بەخششانەی كە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە.

**نزاو پاڕانەوە:**

ئەی خودا سوپاس بۆ تۆ لەسەر بەخششەكانت.

**زانیاری:**

یەكەم ئایەتەكانی قورئان لەسەر پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێت) لە ئەشكەوتی حەڕا هاتنە خوارەوە.

## وانەی حەڤدەم

# خودامان یەکە



کاتێـك پێغەمبـەر موحەمـەد (درودی خـودای لەسـەربێت) بانگـەوازی دەکرد بۆ پەرستنی خودای تاك و تەنیا.

قورەیشـیەکـان لێیان دەپرسی: خودات کێیە ئەی موحەمەد؟

جا سورەتی (الاخلاص) هاتە خوارەوە تا وەڵامیان بداتەوە.

## سورەتی الاخلاص ( التوحید )

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ
يُولَدۡ ٣ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ٤

((صدق الله العظيم))

**سوود:**

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێت) رایسپاردین بۆ خوێندنی سورەتی (الاخلاص) بە زۆری لەبەر ئەوەی پاداشتی خوێندنی هاوتایە لەگەڵ سێیەکی قورئان.

**چالاکی:**

- باسی هەندێك سیفەتەکانی خولقێنەر بکە.

**نزاو پاڕانەوە:**

ئەی خودای تاك‌و تەنیا، لە ئێمە و دایبابمان خۆش بە لە رۆژی پەسڵان.

**زانیاری:**

سورەتی (الاخلاص) هەروەها پێی دەوترێت سورەتی (التوحید).

## هەموو مین و تەقەمەنییەکان مرۆڤ دەکوژن یا بریندارى دەکەن








## ناوەڕۆك